# داڤینسی کۆد و ئیسلامییەکانی کوردستان

خەتاب سابیر

کۆتایی ئایاری 2006

داڤینسی کۆد یەکێکە لەو فیلمانەی کە دەکرێ بگوترێ زۆرترین جەماوەری هەیە لەئێستاداو لە داهاتووشدا ئەگەری بردنەوەی چەندین خەلاتی هەیە. ئەم فیلمە لە 19-05-2006 دا کەوتە سەر سکرینی سینەماکانی جیهان، پوختەی ئەم فیلمە بە بانگهێشتی پرۆفیسۆری سیمبولۆجیست ( symbologist ) ی زانکۆی هاڤارد رۆبێرت لانگدن (Robert Langdon ) بۆ مۆزەخانەی لوڤرا بۆ لێکۆڵینەوە لە کوشتنی یەکێک لە چاودێرانی مۆزەخانەکە دەست پێدەکات کە کۆمەڵێک سیمبوڵ لەسەر لەشولاری هەلکۆڵراوە. پۆلیسی فرانسە کریپتۆلۆجیست (شارەزا لە زانستی کردنەوەی کۆدە نهێنییەکانی نووسیندا ) سۆفییە (Sophie Neveu ) دەخاتە خزمەتییەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کوشتنەکە. شایانی باسە ئەم فیلمە لەنواندنی هەریەکە لە تۆم هانکس (Tom Hanks - لە رۆڵی روبێرت لانگدندا ) ی ئەمێریکیی و ئۆدری تاوتۆو(Audrey Tautou – لەرۆڵی سۆفییەدا ) ی کچە شۆخی فرانسیی و لەدەرهێنانی رۆن هاوەردە ( Ron Howard).

رۆبێرت و سۆفییە پێکەوە کۆمەڵی نهێنیی گەورەو سەرسوورهێنەر(stunning ) لە شاکارەکانی لیۆناردۆ داڤینسیدا دەدۆزنەوە، بەتایبەت ئەوانەی لەسەر یاوەرانی یەسوع و مۆنالیزا کردوونی . نهێنییگەلێک کە پتر لە دوو هەزار ساڵە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێ لغاوکراوەو مردن و لەخاچدانی مەسیح و دووگیانبوونی ماریای دایکی مەسیح کراوە بەئەفسانەو چیرۆکە راستەقینەکانی ئەو رووداوانەش سەدە دوای سەدە پەردەپۆشکراوە. لەدرێژەی فیلمەکەدا رۆبێرت و سۆفییە هەڵدێن و پۆلیسی فرانسەو ئینگلاند و ئەنترۆپۆڵ شوێنپێیان هەڵدەگرن. ئەوان دەیانەوێ خۆیان درێژە بە دۆزینەوەی نهێنییەکان بدەن و نهێنییەکانی پیاوانی کڵێسا و درۆکانیان ئاشکرا بکەن. شایانی باسە سۆفییە لە دواهەمین نەوەکانی یەسوعەو زۆربەی نهێنییەکانی "خوێنی پیرۆز " و " زەویی پیرۆز" و " سیمبولی پیرۆز" لە منداڵییەوە لە مێشکیدا رەنگرێژ بوونە.

سەرچاوەی ئەم فیلمە لە رۆمانی ئایینیی " کۆدی داڤینسی- The Da Vinci Code " لە نووسینی دان براون ( Dan Brown)ەوە وەرگیراوە ، لەنیوساڵی رەبەقی ( 2005 )دا پرفرۆشترین کتێبی دنیا بووە. ئەم فیلمە بەهەردوو زمانی ئینگلیزیی و فرانسییە و رووداوەکانی لەئورشەلیمەوە دەست پێدەکەن و بە فرانسە و سکۆتلاندا دەگەتە لەندەن. گرنگی ئەم فیلمە زێتر لەوەدایە کە سەرەکییترین دامەزراوەی مرۆڤایەتیی کە ئایین و ئایینزاییە نەک هەر دەداتە بەر رەخنەو بوومەلەرزەیەکی گەورە لە

بناغەی لاهووتیی ( سیۆلۆجی – Theology ) دەدات، بگرە بەکورتیی و بە پوختیی سەرمەوقولات بەهەموو ئایینی کریستیان دەدات و پێمان دەڵێت " یەسوع نە کەسێکی ئەفسانەییەو نە کوڕی خودایە، بەڵکوو کابرایەکی سادەوساکار بووەو لە توخمی مرۆڤە و دایکی یەسوعیش لەئەنجامی سێکسێکی سروشتییدا لەگەڵ پیاوێکی نەناسراودا پێغەمبەری کریستیانەکانی هێناوەتە ژیانەوە".

لەم فیلمەدا گەورەترین و سەرسەختترین رەخنە لە ئایین و دامەزراوە ئایینییەکان و گەورەترین پێغەمبەری مێژووی مرۆڤایەتی دەگیردرێ و هەموو چیرۆکەکانی بایبڵ هەڵدەوەشێنێتەوەو هاشا لەوە دەکات کە مەسیح کوڕی خودایە، لە دۆکیومێنتەکانی ناو ئەم فیلمەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ دەیان هەزار ژن چۆن بەزیندوویەتی سوتێنراون و برژێنراون ، دەیان هەزار پیاو چۆن لەشیشدراون بۆ ویستی قەشەکان و پیاوەکانی کڵێساو شەڕی ئایینەکان، بەقوربانیی کراون. سەرەڕای ئەو هەموو گاڵتەجارییە بە یەسوع و شوێنکەوتووانی، کەچی لەتەواوی وڵاتانی رۆژئاوایی و هەموو ئەو وڵاتانەی کە کریستیانەکان زۆرینەن، بەباڵی توندڕۆی کاسۆلیکییەکانیشەوە کەمترین پەرچەکردار و ناڕەزایەتیی لێکەوتووەتەوە، ناڕەزایەتییەکانیش لە ریزبوونی سەدان پیرەژن و پیرەمێرد لە شوێنکەوتووانی ئایینی کریستیان لەبەردەم سینەمای شارە گەورەکاندا زێتر شتێکی تری لێنکەوتووەتەوە.

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئیسلامییەکانی کوردستان چیتر بییر لە شمشێر و ملپەڕاندن و تەکفیرکردن و فەتواو خۆتەقاندنەوەو تێرۆر نەکەنەوەو سەلار و سەنگین وەک ئیسلامییەکانی رۆژئاوا قنج دابنیشن،کە بەهەموو شتێکی رۆژئاواییەکان قایلن و کاری خوداپەرستییش لەناو ماڵەکانی خۆیاندا دەکەن؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئیسلامییەکانی کوردستان بییر لەوە بکەنەوە چیتر لەژێر هێجەمۆنی ( هەژموون ) ی ئیسلامی سیاسیی عەرەبییدا نەمێنن و نەبنە مورید و بەردەستی ئەوان و بەکارنەهێنرێن دژی ناسنامەو کەرامەتی سیاسیی نەتەوەکەی خۆیان؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە ئیسلامییەکانی کوردستان بگەنە ئەو بۆچوونە ساکارەی کەهیچ شتێک لەسەروو رەخنەوە نییەو باهۆزی رەخنەو دەسەڵاتی رەخنە، ئەمڕۆ بێت یان سبەی دەگاتە باڵای کەڵەگەتی هەموو ئەفسانەکان؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ ئیسلامییەکانی کوردستان لە داڤینسی کۆدەوە فێرببن کە داوای لێبووردن لە قەڵەمەکەی عەبدولخالیق مەعروف بکەن کە بەهەرەوەزیی لەگەڵ بەعسدا تێرۆریان کرد؟.